
پاریس سان جەرمان بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە لیلی بردەوە



لە خولی فەرەنسا پاریس سان جەرمان بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە لیلی بردەوە

لە یاریێکی هەفتەی 21ی خولی فەرەنسا پاریس و لیل لە باخچەی شازادەکان رووبەووی یەکتر بوونەوە.

تایمی یەکەم، لیل دەسپێشخەریکرد و خولەکی شەش گۆڵی لە پاریس تۆمارکرد، تەنیا دوای تێپەڕینی چوار خولەکیش گۆنزالۆ رامۆس ئەنجامەکەی یەکسانکردەوە ، پاریس زیاتر فشاری خستەسەر لیل و ئەم جارەیان فیکتەر دی یاریزانی لیل بە هەڵە گۆڵی لەخۆیان تۆمارکرد، تایمی یەکەمیش یانەکەی پایتەخت بە جیاوازی گۆڵێک لە پێشەوە بوو.

لە تایمی دووەمدا,کۆلانی لویس ئینریکی بە هەمان ریتمی تایمی یەکەم لە پێشەوە بوون، بە شۆتێک لە خولەکی 80 کۆلۆ موانی گۆڵی سێیەمی بۆ تۆمار کردن و یاریێکە بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک کۆتایی هات.

دوای ئەم ئەنجامە پاریسی 50 خاڵی کەکردووەتەوە و بە جیاوازی 11 خاڵ لەگەڵ دووەمی ریزبەندی لە پێشەنگدایە